# هەراجخانە ... یا ..هۆڵی دادگا !؟

## مافناسێك

دانیشتنی  ئەم جارەی دادگای جینایاتی تایبەت بە دادگایی کردنی سدام و یاوەرانی ، جارێکی تر ئێمەی خستەوە بەر دەم ئەو  پرسیارەی  کە ئایا : حاکم رزگار شیاوی ئەو شوێنەیەو ئەتوانێ بەرێك و پێکی و سەرکەوتویی دانیشتنەکانی دادگاکە بەرێوە ببات ؟  یا  لە ئەسلاً شانۆگەریەکی ئەمەریکایی عیراقی یە و فرێ بەسەر مەحکەمە کردنی سدام و هاورێکانیەوە نیە ؟؟

بەداخەوە حاکم رزگار بە تەواوەتی کەوتۆتە  ژێر  ویست و ئیرادەو دەسەڵاتی تۆمەتبارانەوەو تەواوی جڵەوی دادگاکەی لە دەستداوەو ، سدام و  یاوەرانی بە کەیف و مایەشای خۆیان  لە نێو هۆڵی دادگاکە تەراتێن دەکەن . سدام حوسێن هەر کات و ساتێکی بیەوێ قسە بکات ئەوا هەڵدەستێتە سەرپێ و مست ئەکێشێ بە مێزەکەی بەردەمیاو روو دەکاتە حاکمی بەستەزمان و سووکایەتی بەدادگا  دەکات و ئیسغلالی ئەو لاوازیەی حاکم دەکات و دەکەوێتە خوتبە دان تەنانەت زۆر جار  ئامۆژگاری حاکم دەکات و رێنمایی دەکات ،  حاکمیش  لە کەل  رێزما بووی ، بە زەردەخەنەیەکی زەردوو  هەڵبزرکاوەوە وەلامی  قسە بێ سەروو بەروو بێ ماناکانی سدام دەداتەوە !

تۆمەتباران هەر هەمویان خۆیان  بە تۆمەتبار  نازانن و بەڵکو  خۆیان  بە خاوەن ماڵ دەزانن و نەرم و نیانی دادوەر « حد  المیوعە » استغلال  دەکەن بۆ  تێپەراندنی  ئەوەی  مەبەستیانە ، تەنانەت  بە ئاشکرا تۆ  هەست  ئەکەی  دەستەی داواکاری گشتی لە هەڵس و کەوتی  حاکم رزگار نارازین !

لە  هەموو مێژوی محاکما  نەبووە تۆمەتبار  روو بکاتە  سەرۆکی دادگاو پێ ی  بلێ  :  عافیە !!؟؟؟

لە هەموو مێژووی  محاکما فاتحا بۆ « ارواحی شهدا » نە خوێنراوە    ....!!؟

ئەم  جەلسەی دووەمە  چوار  سعاتی خایاند ..!!  بەلام  جی  تیا  وترا , ئایا لەم جوار سعاتەدا ، سەرۆکی دادگا  توانی  تەنیا بۆ  ماوەی دەقیقەیەکیش ، هێمنی دادگا بپارێزێ و جلەوی بەرێوەبردنی دانیشستنەکە بگرێتە دەست !؟

سەرۆکی دادگا  تەنیا خەریکی وەلام دانەوەی پرسیاری تۆمەتباران بوو  بە  گفت و لوتفێکی دۆستانە . لەوانەیە تۆمەتباران  لە دڵی خۆیانا ، حاکم رزگار وەك یەکێك  لە دەستەی دیفاع سەیر بکەن ، بۆ  نا ئەو لە پارێزەرەکانی  سدام پتر  مجمەلەیان دەکات و بە روویانا پێئەکەنێ .

تۆ  بڵێ ی  ئەم جۆرە هەڵس و  کەوتەی حاکم  بۆ راکێشانی عەتفی تۆمەتباران و یاوەرانی نەبێت و بەمەبەستی  ئەوە نەبێت کە سەدامیەکان

رقی  لێ هەڵنەگرن و خۆشیان گەرەك بێت و بڵێن : سەرۆکی دادگا  زۆر بەرێزەوە مامەلە  لەکەڵ ( سید الرئیس ) دا  دەکات !!

زۆر جار  لە ماوەی ئەو چوار  سعات  بەناو  محاکمەکردنەدا ، بە  دە  دەقیقە  تا  نزیکەی بیست دەقیقە ، حاکم  لەفزی  لە دەم  دەرنەئەچوو ,

زۆر لەو پارێزەرانەی دیفاعیش وەکالەتی رەسمیان پێ نەبوو کەچی لە هۆڵەکەیا چوار مەشقی دانیشتبون ، ئەمە جگە لەوە کە رۆبی رەسمی محاماتیان لەبەرا نەبوو کە ئەمەشیان دەچێتە پاڵ ئەو هەموو خەلەلە شکلّی و موزوعیانەی دادگاکە تێی کەوتووە .

بۆیەو لەبەر زۆر شتی تر دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاک ( شەمال عادل سلیم _ یا للمهزلە !! ) کە جەلسەکانی داهاتوو نهێنی بێت تا چیتر سدام و یاوەرانی نەبینین لەناو هۆڵەکەدا تەراتین بکەن و دادوەریش بە زەردەخەنەوە ، پێشوازی لەو سووکایەتی کردنەو پێشیلکاریە نەکات ، کەهەموو لەحزەیك سدام حوسێنی تاوانکارو هاورێ چەپەلەکانی ئاراستەی دەکەن !

یان بۆ رزگار کردنی حاکم رزگارو دادکاکە لە لاوازی و خاوو خلیسکی پێشنیار دەکەین : کە دادوەریکی بەهێزو بە توانا لە شوێن حاکم رزگار دابنێن دەنا لە هەموو دانیشتنیکا ، هەمان مەهزەلە دووبارە دەبێتەوە !!